Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090301

# پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان کەرتەکانی کرداری لێکدراو

ئازاد ئەحمەد حسەین

بەشی کوردی // کۆلێجی زمان // زاکۆی سلیمانی

*Article Info*

Received: April, 2022
Accepted : June ,2022
Published :September ,2022

*Keywords*

سینتاکس، کەرتەکانی کردار، کرداری لێکدراو،

*Corresponding Author*

azad.hussain@univsul.edu.iq

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان کەرتەکانی کرداری لێکدراو)دا یە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی دروستەی کرداره لێکدراوەکان و پۆلکردنیان بەپێی ڕێزمانی بەندێتی. کرداره لێکدراوەکان بە گشتی، بابەتێکی تێکچڕژاو و ئاڵۆزی سینتاکسین، چونکە لە چەند کۆمەڵێك پێکهاتوون، کە هەریەکەیان لە دروستەی ڕستەدا، تایبەتمەندیی خۆی هەیە و جیاوازە لە کۆمەڵێکی تر. لەبەر ئەوە توێژینەوە لەم بوارەدا، پانتاییەکی گەورە لە سینتاکسی زمانی کوردیدا پڕدەکاتەوە و هاوکات گەیشتنیشە بە کۆمەڵە یاسایەکی سینتاکسیی تایبەت بە کرداره لێکدراوەکان .

توێژینەوە و کارەکانی پێشتر لەم بوارەدا، کەموکورتی و ناتەواوی زۆریان پێوە دیارە، بە تایبەتی لە دیاریکردن و پۆلکردنی کرداره لێکدراوەکان پەیوەست بە تێپەڕی و تێنەپەڕییانەوە. لەبەر ئەوە ئەم توێژینەوەیە لێڵی و تەمومژی و کەموکورتی نەهێشتووە، کە بە شێوەیەکی گشتی لە شرۆڤەکردنی کرداره لێکدراوەکاندا بەرچاو دەکەون .

## پێشەکی

لە کوردیدا بەرانبەر زاراوەی ( ڕێزمان بەندێتی dependency grammar - )، (ڕێزمان وابەستەگێتی ) ( محەمەد مەحوی ،٢٠٠٩: ٣٠٥ )، ( ڕێزمان بەندێتی ) ( ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی،٢٠١٠) بەکارهێنراون. مەبەست لە بەندێتی پەیوەندیی نێوان کەرەستە زمانییەکانە، لە ڕووی توانای سەربەخۆ بوون و سەربەخۆنەبوونیان لە ڕۆناندا ( الدكتور منير بعلبكي،١٩٩٠: ١٤٢). یەکێك لە تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی دانە فەرهەنگییەکان ئەوەیە، کە دەتوانن لە دروستەی ڕستەدا، کەرەستەی تر بە خۆیانەوە بەند بکەن، یان خۆیان ببنە بەندی کەرەستەی تر. بۆ نموونە ناوە کردارییەکان ( بکەر، بەرکار، تەواوکەرە پریپۆزیشنییەکان ) بە خۆیانەوە بەند دەکەن، ناو (دەرخەر ) بە خۆیەوە بەند دەکات .

ڕێزمانی بەندێتی پەیوەست بە (( باسکردنی پەیوەندییە بەندێتییەکانی نێوان سەرە و بەندەکاندا، وەسفی ڕۆنانە ڕستەسازییەکانی زمانە جۆراوجۆرەکان دەکات)) ( لعبا کبیری، ١٣٨٥: ٧). بەپێی ئەم ڕێزمانە (( ڕستە لە پلەیەکی هەرەمی پەیوەندیی بەندێتییەوە دادەڕێژرێت، واتە ڕێزمانەکە بایەخ بە پەیوەندیی بەندێتی دوانیی نێوان سەرە و بەندەکان دەدات )) (امید طبیب زادە، ١٣٨٣: ٥٣ ). لەم ڕێزمانەدا، شیکردنەوەی ڕستە لە کردارەوە دەست پێدەکات، چونکە سەرەی ڕستەیە و لە شیکردنەوەی زنجیرەیی پلەبەندیدا، لە بەرزترین جێکەوتدایە. واتە کردار تەوەرە و بەم هۆیەیشەوە لە زۆربەی ڕێزمانەکانی تر جیادەبێتەوە ( دکتر ابراهیم چگنی، ١٣٨٤:١٥٦ ).

کەواتە ڕێزمانی بەندێتی لەسەر دوو بنەما کاردەکات:

١- هەموو ڕستەیەك کردارێکی تێدایە.
٢- ژمارە و جۆری تەواوکەرەکانی ( بەندەکانی ) کردار، ڕۆنانی بنجیی ڕستەکە دیاری دەکەن.

ڕێزمانی بەندێتی لە دوو تیۆری ( فرێزە ئۆتۆنۆمییەکان ) و ( بارگەخستن ) پێکهاتووە (دلێر صادق کانەبی، ٢٠١٥: ١٥٦ )، یەکەمیان دروستەی ناوەوەی فرێزەکانی ڕستە شیدەکاتەوە، چونکە پەیوەندیی ناوەکی لەنێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانی فرێزدا هەیە، کە بەپێی پەیوەندییە بەندێتییەکانی نێوان سەرە و بەندەکانییەوە بەڕێوە دەچێت. کەواتە دەتوانرێت بوترێت، کە فرێزە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە خودی خۆیاندا، وەکو سیستمێکی فیدراڵی کاردەکەن، کە لە حکومەتێکی ناوەندی، یان سەرە و چەند هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی پێکهاتوون، بۆ نموونە حکومەتی ناوەندی لە فرێزی ناویدا (ناو)ە و لە فرێزی ئاوەڵناویدا (ئاوەڵناو) ە، ..هتد (امید طبیب زادە، ١٣٨٣: ٢٠-٢١ ) .

تیۆری (بارگەخستن) یش، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ڕستە، کە پشت بە ڕۆڵی هەندێك وشە لە ڕستەدا دەبەستێت، کە پێویستییان بە بوونی توخمی تر هەیە ( Van Valin ,2004: 92). پەیوەست بەم بنەمایەوە، ڕستە بریتی دەبێت لە کەرەستەیەکی بنجی، کە بە گشتی کردارە، لەگەڵ ژمارەیەك کەرەستەی بەند (دکتر ابراهیم چگنی،١٣٨٤: ٤٧٣). کەواتە بارگەخستن زاراوەیەکە بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو تەواوکەرانەی، کە کردارێك دەتوانێت دەسەڵاتی بەسەریاندا هەبێت، بەکاردەهێنرێت (Lyons ,1977: 496).

کردار چەقی قورسایی ڕستەیە و لە شیکردنەوە ڕستەسازییەکاندا، دەبێت لە شیکردنەوەی کردارەوە دەست پێبکرێت (امید طبیب زادە، ١٣٨٣: ١٤-١٥). بەشی کرداریی کردارە لێکدراوەکان شیکردنەوەی هەمەجۆر بە دروستەی ڕستە دەبەخشن، واتە زیندوویێتی و تایبەتمەندییە زگماکییەکانی کردار لە دروستە لێکدراوەکاندا جێگیرن و گۆڕانکارییان بەسەردا نایەن، وەك بوونی جێکەوتەی تایبەت، کە بە فرێزە ناوی و پریپۆزیشنییەکان پڕدەکرێنەوە، واتە وەك لێکسیمێك توانایان هەیە لە ژینگە سینتاکسییەکاندا، جێکەوتە بەپێی تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان بۆ سەگمێنتەکان دیاری بکات( Bussmann, H ,1996 : 1256) وەك. جێکەوتەکانی ( بکەر، بەرکار، کرداربەندی) :

-<u>دارا</u> هات. ( بکەر )

-<u>خوێندکارەکان</u> <u>وانە</u> دەخوێنن. ( بکەر+ بەرکار)

-<u>من</u> <u>لە بازاڕ</u> بووم. ( بکەر+ کرداربەندی )

واتە کردار بۆ ئەوەی ڕستەی واتادار دابڕێژێت، داوای فرێز دەکات، کە سروشت و ژمارە و جۆریان دیاری دەکات، ئەمەیش بە (( بارگەخستن )) ناسراوە، کە توانای سیمانتیکی کردارە، لە وەرگرتنی ژمارە و جۆری ئارگومێنتەکان. لەبەر ئەوە کردار ئارگومێنت داواکەرە، فرێزە ناوییەکان ئارگومێنت – داواکراون و بەشداردەبن لە ئەنجامدانی ئەو کردانەدا، کە کردار جێبەجێیان دەکات ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : Radford. A. ,1997 : 201) .

پێناسەی کرداری لێکدراو:

کرداری لێکدراو یەکگرتنی کردارێکی بنجی و کەرەستەیەك، یان زیاتری زمانە، کە دەشێت ئەو کەرەستانە:

١- ئارگومێنت – داواکراوێکی کردارەکە بن، واتە فرێزێکی ناوی بن، کە کردار بە خۆیەوە بەندی کردبن .
٢- نا ئارگومێنت بن، واتە هیچ ئەرکێکی سینتاکسییان نەبێت، تەنیا کەرەستەیەکن، کە کردار بەخۆیەوە بەندی کردبن، بۆ ئەوەی واتای ڕووداو، یان بارێك بگەیەنن.

تایبەتمەندییەکانی کردارە لێکدراوەکان:

لە ڕوانگەی سینتاکسی و واتایی و مۆرفۆلۆژییەوە کردارە لێکدراوەکان تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە، لێرەدا دەیانخەینەڕوو

١- سینتاکسی :

هەموو کردارێکی لێکدراو بەرهەمی کردارێکی بنجی و کەرەستەیەك، یان زیاتری زمانە، کە پرۆسەی لێکدان کاریگەریی بۆ سەر تایبەتمەندیی زگماکی کردارە بنجییەکان نابێت، بۆ نموونە کرداری بنجیی تێپەڕ، لێکدراوی تێپەڕ و کرداری بنجیی تێنەپەڕیش لێکدراوی تێنەپەڕ بەرهەم دەهێنن، وەك :

| بنجی تێپەڕ | لێکدراوی تێپەڕ |
|---|---|
| خواردی | سوێندی خوارد |
| هێنای | ژنی هێنا |
| بردی | هێرشی برد |

| بنجی تێنەپەڕ | لێکدراوی تێنەپەڕ |
|---|---|
| شکا | دڵی شکا |
| کەوت | ناوکی کەوت |
| چوو | ئابڕووی چوو |

٢ - واتایی:

کردارە بنجییەکان لە دروستە لێکدراوەکاندا ، واتای بنەڕەتی ( فەرهەنگی) یان نامێنێت و واتایەکی دەوروبەری ( سیاق ) وەردەگرن. بەراوردی واتای کرداری (خواردی ) لەم ڕستانەدا بکە:

-کوڕەکە سێوی خوارد. ( بنجی )

-کوڕەکە سوێندی خوارد. ( سوێندخواردن – لێکدراو )

-کوڕەکە خەفەتی خوارد. ( خەفەت خواردن – لێکدراو )

-کوڕەکە بەرتیلی خوارد. ( بەرتیل خواردن - لێکدراو )

هاوکات واتای ئەو ڕووداو ، یان بارانەی کە کردارە لێکدراوەکان گوزارشتیان لێدەکەن، بە کەرتەکانی یەکەمیانەوە ( کەرتە ناکردارییەکانەوە) پەیوەستن، وەك لەم ناوە کردارییانەدا دیارە : ( هێرش هێنان ، ژن هێنان ، ئاودان ، بەرتیل دان ، دڵ تێکەڵ هاتن ، دەم بەیەکدا هاتن ، .... هتد) .

٣ – مۆرفۆلۆژی :

ناونانی کردارە لێکدراوەکان بەو کەرەستانەوە بەندن، کە کەرتەکانی یەکەمیان پێکدەهێنن، بۆ نموونە ئەگەر کەرتەکانی یەکەم ( ناو) بن، ئەوا بە ( کردارە لێکدراوە ناوییەکان ) ناودەبرێن، ئەگەر ( ئاوەڵناو) یش بن، پێیان دەوترێت ( کردارە لێکدراوە ئاوەڵناوییەکان ) ، ....هتد .

پۆلکردنی کردارە لێکدراوەکان بەپێی ژمارە و جۆری بارگەکانیان :

بەشی کردارییی کردارە لێکدراوەکان لە ڕێگەی بارگەخستنەکانیانەوە، دەتوانن حوکمی ئارگومێنت – داواکراوەکانیان بکەن. ئەو ئارگومێنت داواکراوانەیش پێیاندەوترێت (( تەرزەکانی بارگەخستن Haspelmanth, M.& Múller - Bardey ,T. ,2001: 1130 ) ((Valence Pattern -) .

پەیوەست بە بارگەخستنی بەشی کردارییی کردارە لێکدراوەکانەوە، دەتوانرێت کردارەکان بەپێی وەرگرتنی ئارگومێنت – داواکراوەکان نواندنی ئارگومێنتییان بۆ بکرێت .

کردارە لێکدراوەکان لە ڕوانگەی تەرزی بارگە خستنەکانیانەوە، بۆ چوار کۆمەڵ دابەشدەکرێن:

١ - کردارە بێ بارگەکان ( سفر – هێزی null- Valent ) :

ئەم جۆرە کردارانە ئەوانەن، کە هیچ ئارگومێنت - داواکراوێك وەرناگرن Crystal ,D. ,1992:408 ) ) .واتە هیچ بارگەیەك ناخەن. کردارە لێکدراوە تێنەپەڕەکان، کە لە شێوەی ڕستەدان، بێ بارگەن، چونکە کەرتەکانی کردارەکان دەتوانن بە تەنیا ڕستەیەکی واتادار دابڕێژن و بیر بگەیەنن، وەك :

-ڕۆحی کوڕەکە چوو .

-هەناسەی نەخۆشەکە سواربوو .

-ترسی منداڵەکە شکا.

-ئابڕووی پیاوخراپان تکا .

-دڵی منداڵەکە تێکەڵهات .

٢ - کردارە یەك بارگەییەکان ( یەك – هێزی mono Valent ) :

ئەو کردارانەن، کە لە دروستەی ئارگومێنتیاندا، یەك ئارگومێنت – داواکراو وەردەگرن، کە ئەرکی بکەر دەبینێت ( Crystal ,D. ,2003:487) .کردارە لێکدراوە یەك بارگەییەکان بریتین لە :

أ-تێنەپەڕەکان، کە لەشێوەی وشەدان :

-منداڵەکە تووڕە بوو .

-ئەوان بە ئاوات گەیشتن.

-ئارام نەخۆشکەوت .

ب- تێپەڕەکان، کە لە شێوەی فرێزی کرداریدان :

-منداڵەکان یاری دەکەن .

-دارا ژن دەهێنێت .

-دوژمن هێرشی برد .

٣ - کردارە دوو بارگەییەکان ( دوو – هێزی di Valent ) :

ئەوانەن، کە لە دروستەی ئارگومێنتیاندا دوو جێکەوتە بۆ ئارگومێنت داواکراوەکانیان دیاریدەکەن( Trask ,R .L. ,1999: 14) ، یەکێکیان بۆ بکەر و دووەمیان بۆ بەرکار، یان تەواوکەری ناوەکی ( فرێزە پریپۆزیشنییەکان ). کردارە لێکدراوە دوو بارگەییەکان ئەمانەن:

أ – تێپەڕە پریدیکاتییەکان، کە لە شێوەی تاکە وشەیەکدان :

-دارا خانووەکەی بەکرێدا.

-باخەوانەکە باخەکەی ئاودا .

-کرێکارەکان خانووەکە بۆیە دەکەن .

-من خانوو دروست دەکەم .

ب – هەندێك لە تێنەپەڕە پریدیکاتییەکان:

-ئەوان لە کۆڕەکەدا ئامادەبوون .

-دارا لە ئاسۆ بێزار بوو .

-ئێمە بە ڕێنماییەکانی مامۆستاکانەوە پابەند دەبین .

پ – هەندێك لە تێپەڕەکان ، کە لە شێوەی فرێزی کرداریدان:

-من سوودم لە تۆ وەرگرت .

-ئاکۆ گوێی بۆ قسەکانی من شل کرد.

-شیلان هەست بە بێزاری دەکات .

٤- کردارە سێ بارگەییەکان ( سێ – هێزی : ( tri Valent

ئەوانەن، کە لە دروستەی ئارگومێنتیاندا، ئارگومێنت – داواکراو هەیە Trask ,R.L. , 1993 : 296 ) )، واتە کردارەکە سێ جێکەوتەی بۆ ئارگومێنتەکانی هەیە، کە بە (بکەر، بەرکار، تەواوکەری ڕستەیی / یان پریپۆزیشنی ) پڕ دەکرێنەوە ، وەك :

-نازەنین شیلانی دڵنیاکرد، کە کارەکەی بۆ جێبەجێ بکات .

-ئەوان منیان ڕازیکرد، کە لەگەڵیاندا بچم بۆ سەیران .

-من تۆم هاندا، کە بخوێنیت .

-ئەوان ئێمەیان لە هەواڵەکە ئاگادار کردەوە .

پەیوەندیی نێوان کەرتەکانی کردارە لێکدراوەکان :

بۆ شیکردنەوە و نیشاندانی پەیوەندیی نێوان بەشی کرداری و ئەو کەرەستانەی کەرتەکانی کردارە لێکدراوەکان پێکدەهێنن، چەند ڕێسایەك دەخەینەڕوو :

١- ڕێسای لێکدانەوەی لێکدراو: Principle of Compound Interpretation

بەپێی ئەم ڕێسایە، ئەگەر دوو بناغە/ قەد لە تەنیشت یەکەوە بن و هاوبەش بن لە دروستکردنی یەك فۆڕم و واتادا، ئەوا بناغەی یەکەم ئارگومێنت – داواکراوە بۆ بناغەی دووەم 2 :Bobaljik ,J.D. , 2002) ) .

٢- ڕێسای بەستنەوەی ئارگومێنت : Argument – Linking

بە پرۆسەی پڕکردنەوەی جێکەوتە بەتاڵەکان دانراوە، کە ئارگومێنت – داواکەر (بەشی کرداری) داوایدەکات (Plag , I. , 2002 : 190) . بەپێی ڕێساکە بەشی کرداریی کردارە لێکدراوەکان لە ناواخنی خۆیاندا بۆ ئارگومێنتە – داواکراوەکان، جێکەوتەی بەتاڵیان هەیە، کە پەیوەستن بە ڕەگی کردارەکانەوە. کەرتەکانی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان، ئەگەر بتوانن ئەو جێکەوتانە پڕبکەنەوە، لەگەڵ کردارە تێپەڕەکاندا، دەبنە ئارگومێنتی ناوەکی و لەگەڵ کردارە تێنەپەڕەکانیشدا، دەبنە ئارگومێنتی دەرەکی، بەڵام ئەگەر کەرتەکانی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان ( ئاوەڵناو ، فرێزی پریپۆزیشنی، هەندێك جۆری ناو، ژمارە، ... هتد) بن، ئەوا دەبنە تەواوکەر بۆ بەشی کرداریی دروستە لێکدراوەکە، وەك لەم کردارە لێکدراوانەدا ڕوونکراونەتەوە:

-کوڕەکە سوێندی خوارد .

-دوژمن هێرشی برد .

-دارا ژنی هێنا.

-نەوزاد خۆی گێل کرد .

کەرتی یەکەمی کردارەکان، کە ( سوێند، هێرش، ژن ، خۆی ) ن، توانیویانە جێکەوتەی بەرکار بۆ بەشە کردارییەکانی ( خواردی، بردی، هێنای، کردی ) پڕ بکەنەوە و ببن بە ئارگومێنت – داواکراوێکی ناوەکی و ئەرکی بەرکاری ڕێزمانی ببینن.

هاوکات لەم ڕستانەیشدا:

-شەرمی منداڵەکە شکا.

-ناوکی کوڕەکە کەوت .

-پشتی دوژمن شکا .

-ئابڕووی پیاو خراپان چوو.

کەرتەکانی یەکەمی کردارەکانی ( شەرم، ناوك، پشت، ئابڕوو )، جێکەوتەی بکەریان بۆ بەشە کردارییەکانی ( شکا، کەوت، شکا، چوو ) پڕکردۆتەوە، واتە بوون بە ئارگومێنت – داواکراوێکی دەرەکی و ئەرکی بکەرێکی ڕێزمانی دەبینن .

لەم ڕستانەیشدا :

-ژنەکە ماڵەکەی پاککردەوە .

-ئەوان باخچەکەیان ئاودا .

-ئاسۆ خانووەکەی بەکرێدا.

-کرێکارەکان خوێندنگەکەیان بۆیەکرد .

کەرتەکانی یەکەمی کردارەکان ( پاك ، ئاو، بەکرێ، بۆیە )، نەیانتوانیوە جێکەوتەی بەرکار بۆ بەشە کردارییەکانی ( کردییەوە ، دای ، دای ، کردی ) پڕ بکەنەوە ، واتە نەبوون بە ئارگومێنت – داواکراوی ناوەکی و ئەرکی بەرکار نابینن، بەڵکو تەنیا تەواوکەرێکی واتایی بەشە کردارییەکانن .

بە هەمان شێوە لە ڕستەکانی :

-پیاوەکە تووڕەبوو .

-منداڵەکە نەخۆشکەوت .

-دارا لە پێشبڕکێیەکەدا سەرکەوت .

-شاخەکە سپی دەچێتەوە .

کەرتەکانی یەکەمی ئەم کۆمەڵە کردارەیش، کە ( تووڕە، نەخۆش، سەر، سپی )ن، نەیانتوانیوە ، جێکەوتەی بکەر بۆ بەشە کردارییە تێنەپەڕەکانی ( بوو، کەوت، کەوت، دەچێتەوە ) پڕبکەنەوە، واتە نەبوون بە ئارگومێنت – داواکراوی دەرەکی و ئەرکی بکەر نابینن و تەنیا تەواوکەرێکی واتایی بەشە کردارییەکانن .

کەواتە کەرتەکانی یەکەمی هەندێك لە کردارە لێکدراوەکان، جگە لە داڕشتن و بەرهەمهێنانی کردارەکە، لە دروستەی ڕستەدا ئەرکێکی سینتاکسیش دەبینن، واتە پەیوەندیی سینتاکسیان لەگەڵا بەشە کردارییە تێپەڕەکاندا لە چەشنی ( بەرکار – کردار) ن و لەگەڵ بەشە کردارییە تێنەپەڕەکانیشدا ( بکەر – کردار )ن .

کەرتەکانی یەکەمی هەندێك کرداری لێکدراوی تر، تەنیا هاوبەشی داڕشتنی کردارەکەیان کردووە، بەشداریی ئەرکە سینتاکسییەکان لە دروستەی ڕستەدا ناکەن.

دوای ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە کردارە لێکدراوەکان هەمیشە دانەیەکی سیمانتیکی ( واتایی)ن، بەڵام مەرج نییە، وەك دانەیەکی سینتاکسی دەربکەون. هەندێك لە توێژەرە کوردەکان لە باسی کرداری لێکدراودا لە پێناسەکانیاندا، کردارە لێکدراوەکانیان بەگشتی بە یەکەیەکی سینتاکسی و سیمانتیکی داناوە، بێ ئەوەی ئەو جێکەوتە سینتاکسییانەی کردار بە هەند وەربگرن، کە کەرتەکانی یەکەمی هەندێك لە کردارە لێکدراوەکان پڕیاندەکەنەوە.

لێرەدا هەندێك بۆچوون لەو بارەیەوە دەخەینە ڕوو :

١- (( کاری لێکدراو ئەو کارەیە لە کارێکی ساکاری یاریدەدەر و مۆرفیمێکی ئازاد، یان زیاتر ساز دەبێت و وەکو کارێکی ساکار لە ڕستەدا بەکاردێت و واتاکەی لە واتای بەشەکانی دوور ناکەوێتەوە)) ( مستەفا محەمەد زەنگەنە، ١٩٨٩ : ١ ).

٢- (( کاری لێکدراو بریتییە لەو ڕۆنانەی کە مەرجە کارێکی داڕێژراو بەشداری لە پێکهێنانیدا بکات و بەلای کەمەوە کەرەستەیەکی زمانیشی لەگەڵدا بێت. بە گشتی کەرەستە زمانییەکە مۆرفیمێکی ئازادە، کە لە کۆمەڵەیەکی ناوی، یان ئاوەڵناوی پێکهاتوون، وەك دانەیەکی سینتاکسی و سیمانتیکی کاردەکەن )) ( یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨: ١٧ ) .

٣- (( کرداری لێکدراو ئەو کردارەیە لە لێکدانی دوو بناغە ساز دەبێت و لەڕووی ڕستەسازی و واتاسازییەوە، وەك وشەیەکی نوێ ڕەفتار دەکات)) ( محەمەد عومەر عەول، ٢٠٠١: ٤٠ ) .

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی، کە کەرتەکانی هەندێك کرداری لێکدراو لە توانایاندا هەیە، ببنە ئارگومێنت – داواکراوی ناوەکی، یان دەرەکیی بەشە کردارییەکانیان، بەڵگە لە شێوەزاری هەورامی دەهێنینەوە، چونکە لەم شێوەزارەدا ڕێککەوتنی ( بکەر و کرداری تێنەپەڕ ) و ( بەرکار و کردار ) لە ڕووی سیما ڕێزمانییەکانی ڕەگەز و کەس و ژمارەوە هەیە. واتە بکەری کردارە تێنەپەڕەکان بە یاسای گواستنەوەی کۆپیکردن ڕەگەزەکانیان بە کردار دەبەخشن و بەرکاریش بە هەمان ڕێگە، ڕەگەزەکانیان بە کردار دەدەن، وەك لەم نموونانەدا ڕوونکراوەتەوە :

-کوڕەکە بەرشی$^{\varnothing}$ . ( کوڕەکە دەرچوو) .

-کناچەکێ$^{o}$ بەرشییە . ( کچەکە دەرچوو. )

مۆرفیمی ڕەگەزی نێر (Ø) و هی مێیش (o) یە و لەسەر کۆتایی کردارەکان دەرکەوتوون .

-من وانەکەم نوبست .Ø ( من وانەکەم  نوسی. )

-من شیعرەکیم نوبستە. ( من شیعرەکەم نوسی. )

( وانە) لە هەورامیدا نێرە و ( شیعر ) یش مێیە و ڕەگەزەکانیان بە کردار داوە و لە کردارە لێکدراوەکاندا ئەم تایبەتمەندییە سینتاکسییە بەرچاو دەکەوێت، کە ئەمەیش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە کەرتەکانی یەکەمی هەندێك کرداری لێکدراو ئەرکی بکەر، یان بەرکار بۆ بەشی کردارییان دەبینن، بۆ نموونە ناوی کرداری لێکدراوی ( یاری کردن) لە هەورامیدا لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت، (گەمە کەردەی ) بۆ ڕەگەزی نێر و ( کێڵیo کەردەی ) بۆ ڕەگەزی مێ، چونکە ( گەمە ) نێرە و (کێڵیo) یش مێیە، وەك لەم ڕستانەدا دیارن :

- من گەمەم  کەرد . Ø ( من یاریم کرد .)

- من کێڵیم  کردە .    ( من یاریم کرد .)

( گەمە ) سیمای ڕەگەزی نێری بە کردارەکە بەخشیوە، ( کێڵی o) یش ڕەگەزی مێی بە کردارەکە داوە، کە (ە)کەیە. واتە هەمان هەڵسوکەوت و تایبەتمەندیی بەرکاریان لە دروستەی ئەو ڕستانەدا هەیە، کە کردارەکانیان بنجین .

کەواتە ( یاری کردن ) ناوێکی کرداری لێکدراوی تێپەڕە و ( یاری ) بووە بە ئارگومێنت – داواکراوی ناوەکیی کردارەکە و ئەرکی بەرکاری ڕێزمانی دەبینێت .

بە هەمان شێوە، ناوە کرداریە لێکدراوەکانی ( ئاوەڕوو شیەی : ئابڕووچوون )، لە ڕووی ڕەگەزەوە مێیە و ( حەیاشیەی : حەیاچوون ) نێرە، لە دروستەی ڕستەدا کەرتەکانی یەکەمیان (ئاوەڕوو، حەیا) دەبنە ئارگومێنت – داواکراوی دەرەکیی کردارەکان و سیما ڕێزمانییەکانی ڕەگەزەکانیان بە بەشە کردارییەکانیان دەبەخشن، بەم شێوەیە :

-ئاوەڕووش شیيە . ( ئابڕووی چوو. )

-حەیاش شی.       ( حەیای چوو. )

کەواتە کەرتی یەکەمی کردارەکان، ئەرکی بکەری ڕێزمانی دەبینن، ئەمەیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە هێزی زگماکی کردارە بنجییەکان لە دروستە لێکدراوەکاندا پارێزراو دەبێت و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت، واتە کەرتەکانی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان کاریگەرییان بۆ سەر هێزی بەشە کردارییەکانیان نابێت .

کەرتەکانی یەکەمی کۆمەڵێکی تر لە کردارە لێکدراوەکان ناتوانن جێکەوتەکانی بکەر، یان بەرکار پڕبکەنەوە، واتە نابنە ئارگومێنت – داواکراوی ناوەکیی، یان دەرەکیی بەشە کردارییەکان، بەڵکو تەنیا کەرەستەیەکی تەواوکەرن، وەك لەم ڕستانەدا ڕوونکراوەتەوە :

-ژنەکە ماڵەکەی پاککردەوە .

-ئەوان باخچەکەیان ئاودا.

-ئاسۆ خانووەکەی بەکرێدا .

-منداڵەکە توڕەبوو .

-کچەکە نەخۆشکەوت.

-دارا لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوت .

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی کردارە لێکدراوەکان بۆ دوو کۆمەڵی سەرەکی پۆلدەکرێن :

١- ئەوانەیان، کە کەرتەکانی یەکەمیان ئارگومێنت – داواکراوی بەشی کردارین، واتە جگە لە ئەرکە واتاییەکانیان، کە داڕشتنی کردارە لێکدراوەکانن، لە دروستەی ڕستەدا ئەرکێکی سینتاکسی وەك بکەر، یان بەرکار دەبینن.

٢ - کەرتەکانی یەکەمی هەندێك کرداری لێکدراوی تر، تەنیا ئەرکی واتاییان دەبێت، بێ ئەوەی هیچ ئەرکێکی سینتاکسییان هەبێت .

یاساکانی داڕشتنی کردارە لێکدراوەکان لە ڕوانگەی ڕێزمانی بەندێتییەوە :

پەیوەست بە دابەشبوون، یان نەبوونی کەرتەکان یەکەمی کردارە لێکدراوەکان، لە جێکەوتەی ئارگومێنت – داواکراوەکانی بەشە کردارییەکاندا، یاساکانی داڕشتنی کردارە لێکدراوەکان بریتی دەبن لە:

١ - ئارگومێنت – داواکراوی ناوەکی + کردار:

ئەو کردارانەی بەم یاسایە بەرهەمهاتوون، لەڕووی بارگەخستنەوە تێپەڕن و لەشێوەی فرێزی کرداریدان، وەك:

( قسەی کرد، شەڕی کرد، هەرەسی هێنا، سوێندی خوارد، ئاهەنگی گێڕا، ژنی هێنا، ....هتد) .

هێڵکاریی نواندنی ئەم کۆمەڵە کردارە  بەم جۆرەیە :

هێلکاریی نواندنی ئەم کۆمەڵە کردارە بەم جۆرەیە :




بۆ نموونە ، کردارێکی وەک:




٢ - ئارگومێنت – داواکراوی دەرەکی + کردار :

کردارە سازبووەکانی ئەم یاسایە، لە ڕووی بارگەخستنەوە تێنەپەڕن و لەشێوەی ڕستەدان، وەک:

( پشتی شکا ، حەیای تکا، ئابڕووی چوو، ناوکی کەوت، .... هتد )

هێڵکاریی نواندنیان بریتییە لە :




بۆ نموونە ، کردارێکی وەک :




٣ - یاسای سێیەم بە ( کرداربەندی ) ناو دەبەین، ئەو کردارانەی دایاندەڕێژێت، دەشێت تێپەڕ، یان تێنەپەڕ بن و لە دروستەی ڕستەدا، وەك تاكە وشەیەك (کردارێکی بنجی ) دەردەکەون و کەرتەکانی یەکەمیان هیچ ئەرکێکی سینتاکسییان نابێت، واتە لە توانایاندا نییە، ببنە ئارگومێنت – داواکراوی بەشە کرداریەکانیان، واتە تەنیا وەك تەواوکەرێك بە بەشە کرداریەکانیانەوە بەند بوون، بۆیە دەگونجێت لەپێش، یان لەدوای بەشە کرداریەکانیانەوە بێن .

واتە پەیوەست بە شوێنی کردارەوە، یاساکانە لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت :

أ – کرداربەندی + کردار :

کردارە تێپەڕەکان : ( ئاوی دا، بەکرێی دا، بۆیەی کرد، ، سوێندی دا، .... هتد) .

نواندنیان لە هێڵکاریدا :




بۆ نموونە ، کردارێکی وەک :




کردارە تێنەپەڕەکان : ( بە ئاوات گەیشت، پێشکەوت، بێزار بوو ، تووڕەبوو، .... هتد).

نواندنیان لە هێڵکاریدا :




بۆ نموونە ، کردارێکی وەک :



ب – کردار + کردار بەندی :

کردارە تێپەڕەکان : ( دەخاتەوە یاد ، دەخاتە پێش چاو ، دەگرێتە خۆ، .... هتد ) .

بۆ نموونە ، کردارێکی وەک :




کردارە تێنەپەڕەکان : ( هاتە زمان ، هاتە بەرهەم ، ... هتد ) .

بۆ نموونە ، کردارێکی وەک :




٤ – ئارگومێنت – داواکراوی ناوەکی + کردار بەندی + کردار:

( دەستی پانکردەوە ، خۆی بە دەستەوەدا ، خۆی گێل کرد، خۆی جوانکرد ، هتد ) .

هێڵکاری نواندنیان :




بۆ نموونە ، کردارێکی وەک :



٥ – ئارگومێنت – داواکراوی دەرەکی + کردار بەندی + کردار :

( چاوی سووربوو ، هەناسەی سواربوو ، جێی لێژ بوو ، ... هتد ) .

هێڵکاری نواندنیان :




بۆ نموونە ، کردارێکی وەک :







دروستەی ناوەوەی کەرتەکانی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان :

کەرتەکانی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان لەشێوەی فرێزی هەمەجۆردا دەردەکەون، لێرەدا بەپێی چەشنی کردارەکان دروستەکانیان دەخەینەڕوو :

١ - کردارە لێکدراوە بکەرییەکان :

کەرتەکانی یەکەمیان بە یاریدەی مۆرفیمی خستنەسەری (ی) ، ناوێك بە خۆیانەوە بەند دەکەن و فرێزێکی خستنەپاڵی خاوەنداری بەرهەم دەهێنن، وەك :

-ناوکی دارا کەوت .

-گیانی نەخۆشەکە دەرچوو .

-پشتی خوێندکارەکە شکا .

کەرتەکانی یەکەمی کردارەکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، لەشێوەی دروستەی مۆرفۆ سینتاکسیدا بەکاردەهێنرێن ( بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: ئازاد ئەحمەد حسەین، ٢٠٠٨: ١٠٢)، واتە دەرخەرەکانیان بۆ شوێنی ( باس Topic ) ، کە دەکەوێتە پێش بکەرەوە دەگوێزرێنەوە، پاشان بەپێی کەس و ژمارەکانیان بە جێناوێکی لکاو جێگیر دەکرێن و ڕاستەوخۆ دەچنەسەر کەرتەکانی یەکەم، وەك :

-ناوکی کەوت .

-گیانی دەرچوو .

-پشتی شکا .

٢ - کرداره لێکدراوه بەرکارییەکان :

کەرتەکانی یەکەمیان ( ناو ) ن و بە تەنیا فرێزێکی ناوی دادەڕێژن، وەك :

-منداڵەکان یاری دەکەن .

-پەرلەمانتاران سوێندیان خوارد .

( یاری ، سوێند ) هێزیان لەسەرە، چونکە لە دروستەی کردارە لێکدراوەکاندا، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر کەرتەکانی یەکەم ( محەمەد مەعروف فەتاح، ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ١٢١ ، ١٩٨٩: ٤٨). هەندێك لەو ناوانەی کەرتەکانی یەکەمی ئەم کردارانە پێکدەهێنن، دەتوانن مۆرفیمەکانی (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ) بە خۆیانەوە بەندبکەن، کە دەبنە بەندکراوی ئەو ناوانەی، نیشانەکانی ( + گشتی ) ، ( + ژمێردراو ) ، ( + کۆنکرێت ) بیان هەبێت ، وەك :

-منداڵەکان یارییەکە / یارییەك / یارییەکان دەکەن .

دەشێت کەرتەکانی یەکەمی کردارەکان وشەکانی نیشانە بە خۆیانەوە بەند بکەن، واتە دەرخەری پێشەوە وەربگرن، وەك :

-منداڵەکان ئەو یارییە دەکەن.

هەندێك ناوی تر ، وەك ( سوێند، هێرش، خەم، .... هتد) ، لە بارودۆخی تایبەتدا ، دەرخەر بە خۆیانەوە بەنددەکەن، وەك :

-پیاوەکە سوێندی خوارد .

-پیاوەکە سوێندێکی درۆی خوارد .

واتە کەرتەکانی یەکەمی ئەم کردارانە بە گشتی بەیاریدەی مۆرفیمی خستنەسەری ( ی ) یەوە، دەتوانن دەرخەر بە خۆیانەوە بەندبکەن، وەك :

-منداڵەکان یاری تۆپێن دەکەن .

-کوڕەکە قسەی باشی کرد .

-پێشمەرگەکان شەڕێکی پیاوانەیان کرد .

٣ - کرداره لێکدراوه کرداربەندییەکان :

ئەو کەرەستانەی لە ڕێی کردار بەندییەوە، کەرتی یەکەمی کرداره لێکدراوەکان پێکدەهێنن، لە ڕووی فۆرمەوە بۆ دوو بەش پۆلدەکرێن ( ئازاد ئەحمەد حسەین، ٢٠٠٨: ١٠٦) .

یەکەم : هەندێکیان دروستەی فرێزیان هەیە، کە دوو جۆرن :

أ – فرێزی خستنەپاڵ : بە یاریدەی مۆرفیمی خستنەسەری (ی) ، ناوێك بە خۆیانەوە بەند دەکەن ، وەك :

-مامۆستا پرسیارەکەی ئاراستەی دارا کرد .

-ئەوان فریای تۆ کەوتن .

ب – فرێزی پریپۆزیشنی ، یان پریپۆزیشنی لێکدراو:

-ئارام خانووەکەی بەکرێدا .

-ئەوان لە شاری هەولێر کاتێکی خۆشیان بەسەربرد .

دووەم : کۆمەڵێکی تریان هیچ کەرەستەیەك بە خۆیانەوە بەند ناکەن، واتە دەرخەر وەرناگرن : وەك :

-ئێمە خانوو دروست دەکەین .

-منداڵەکە تووڕەبوو .

-ژنەکە منداڵەکەی باش بەخێوکرد .

بکەر و بەرکار لە سینتاکسی کرداره لێکدراوەکاندا :

١ - بکەر :

لەڕووی پەیوەندیی ڕێزمانییەوە، دەشێت لۆجیکی ( واتایی)، یان ڕێزمانی بێت. بکەری لۆجیکی کرداری ڕستە ڕادەپەڕێنێت و دەستی لە بەجێهێنانیدا هەیە، واتە بکەری ڕاستەقینەی کردارە، هەرچەندە لە شوێنی بکەری ئاساییشدا نەهاتبێت، یان لادرابێت ( محمد علی الخولی، ١٩٨٢: ١٦٠ ) .

هەرچی بکەری ڕێزمانیشە، لەڕووی پەیوەندیی ڕێزمانییەوە بەرکارە و نە کرداری ڕستە ڕادەپەڕێنێت و نە دەستیشی لە بەجێهێنانیدا هەیە ( ئەحمەد حەسەن فتح اللە، ١٩٩٠: ٤٢ ) . بکەری لۆجیکی بەرانبەری دەوەستێت ( محمد علی الخولی، ١٩٨٢ : ١١١ ) .

بکەری ڕێزمانی:

ئەم کردارە لێکدراوانە، ئارگومێنت – داواکراوی دەرەکییان، بکەری ڕێزمانی دەبێت :

أ – کردارە لێکدراوە بکەرییەکان : کەرتەکانی یەکەمیان، دەبنە ئارگومێنت – داواکراوی دەرەکیی بەشە کردارییەکانیان، واتە جێکەوتەی بکەر پڕدەکەنەوە و ئەرکی بکەری ڕێزمانی دەبینن، وەك :

-ڕۆحی چوو .

-خەو لە منداڵەکە کەوت .

-ئابرووی پیاوخراپان دەچێت .

تایبەتمەندیی ئەم جۆرە بکەرە ڕێزمانییانە ئەوەیە، کە هەمیشە لەشێوەی کەسی سێیەمی تاکدان .

ب – هەندێك کرداری تێنەپەڕ، کە کەرتەکانی یەکەمیان ئاوەڵناون و بە یاسای کرداربەندی داڕێژراون ، وەك :

-شیلان نەخۆشکەوت .

-شاخەکە سپی دەچێتەوە .

-منداڵەکە زەرد هەڵگەڕاوە.

کەواتە لە سینتاکسی کردارە لێکدراوە تێنەپەڕەکاندا، دوو جۆر بکەری ڕێزمانی هەن، یەکێکیان کەرتەکانی یەکەمی کردارەکانن و ئەوی تریان لە دەرەوەی دروستەی کردارەکانن و نابنە بەشە پێکهێنەریان .

بکەری لۆجیکی:

ئەم کردارە لێکدراوانە بکەرەکانیان لۆجیکین:

أ – تێنەپەڕە کرداربەندییەکان، کە کەرتەکانی یەکەمیان ئاوەڵناو نەبن، وەك :

-ئێمە لە کۆڕەکەدا ئامادەبووین .

-پیاوەکە لە هاوسەرەکەی جیابووەوە .

ب – تێپەڕە بەرکارییەکان ، وەك :

-هێمن یاریی کرد .

-نازەنین لە کۆڕەکەدا قسەی کرد .

پ – تێپەڕە کرداربەندییەکان :

-خوێندکارەکان کارەکانیان جێبەجێ کرد .

-ئەوان خانوو دروست دەکەن .

٢ - بەرکار:

ئەو فرێزە ناوییانەن، کە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی فرێزی کرداریدان ( دیار عەلی کەمال ، ٢٠٠١: ٨٠ ). بەرکاریش دەشێت ڕێزمانی ، یان لۆجیکی بێت .

بەرکاری ڕێزمانی :

ئەو فرێزە ناوییانەن ، کە کاریگەریی ڕوودانی کردارییان ناکەوێتە سەر، بەڵکو لە ڕستەدا تەنیا جێکەوتەی بەرکاری واتایی پڕدەکەنەوە و وەکو ئەوان هەڵسوکەوت دەکەن، بۆیە پێیان دەوترێت بەرکار، بۆ نموونە لە کردارە بنجییەکاندا، وەك:

-من دەنگی تۆم بیست .

-دارا منی بینی .

-ئەوان تۆ دەناسن .

کەرتەکانی یەکەمی کردارە تێپەڕە بەرکارییەکان ، ئارگومێنت – داواکراوی ناوەکیی بەشە کردارییەکانیان و ئەرکی بەرکاری ڕێزمانی دەبینن، وەك :

-ئەوان ئاهەنگ دەگێڕن .

-کرێکارەکان ئارەق دەڕێژن .

بەرکاری واتایی :

کردارە لێکدراوە تێپەڕە کرداربەندییەکان، فرێزێکی ناوی، وەك ئارگومێنت – داواکراوی ناوەکیی بەخۆیانەوە بەند دەکەن، کە ئەرکی بەرکاری واتایی دەبینێت، وەك :

-ژنەکە ماڵەکەی پاککردەوە.

-کرێکارەکان خانووەکەیان بۆیە دەکەن.

-دارا تۆی ڕزگارکرد .

لە هەندێك سەرچاوەدا، کەرتەکانی یەکەمی کرداره لێکدراوه تێپەڕەکان بەگشتی، هەمیشە بە بەرکار دانراون ( کوردۆییف، ١٩٨٤: ١٨٣، و: د. کوردستان موکریانی )، کە لە ڕاستیدا مەرج نییە لە هەموو دروستەیەکدا ئەرکی بەرکار ببینن، تەنیا لەو بارانەدا نەبێت، کە لە جێکەوتەی ئارگومێنت – داواکراوی ناوەکیی کرداردان .

ئەو کردارانەی کرداری لێکدراو دادەڕێژن:

هەموو کردارێکی بنجی، مەرج نییە لە توانایدا بێت، کە کرداری لێکدراو بەرهەم بهێنێت، بەڵکو تەنیا ژمارەیەکی سنووردار لە کرداره بنجییەکان لەم ڕووەوە چالاکن. لێرەدا بەپێی هێزەکانیان دەیانخەینە ڕوو :

١ - کرداره تێپەڕەکان : ئەمانەیان کرداری لێکدراو سازدەکەن :

| تێپەڕی بنجی | لێکدراوی بەرکاری | لێکدراوی کرداربەندی | لێکدراوی بەرکاری و کرداربەندی |
|---|---|---|---|
| دان | ئاگر تێبەردان<br>خۆهەڵدان<br>بازدان | ئازاردان<br>سوێنددان<br>گسك دان<br>ئاودان<br>بەکرێدان | خۆبەدەستەوەدان<br>گیان لەدەست دان |
| خواردن | سوێند خواردن<br>بەرتیل خواردن<br>گیرخواردن<br>خەم خواردن<br>قورئان خواردن | | |
| بردن | هێرش بردن<br>ڕۆح بردن<br>کڕنوش بردن | لەناوچوون<br>لەخشتەبردن<br>بەسەربردن | |
| گرتن | ڕۆژووگرتن<br>زمان گرتن | بەکری گرتن<br>گرتنە باوەش | |
| خستن | تەگەرە تێخستن<br>دەست تێخستن | پێش خستن<br>سەرخستن<br>دوورخستنەوە<br>پەکخستن<br>خستنەوە یاد | |
| هێنان | ژن هێنان<br>هێرش هێنان<br>قسە هێنان<br>ئیمان هێنان | بەجێ هێنان<br>بەکارهێنان | |
| بڕین | جەرگ بڕین<br>دەست بڕین<br>ئارام لێبڕین<br>قسە بڕین | بەسەردا بڕین | |
| کێشان | ئاو کێشان<br>هەناسە هەڵکێشان<br>گیان کێشان | | |
| گێڕان | ئاهەنگ گێڕان<br>چاوگێڕان<br>ئاژاوە گێڕان | | |
| خواستن | ژن خواستن<br>ئاوات خواستن<br>مۆڵەت خواستن | بە ئاوات خواستن | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| نان | هەنگاونان<br>بنیات نان<br>ڕێزلێنان<br>پاڵپێوە نان<br>چێشت لێنان | بەسەرەوە نان | |
| تێپەڕی بنجی | لێکدراوی بەرکاری | لێکدراوی کرداربەندی | لێکدراوی بەرکاری و کرداربەندی |
| پرسین | هەواڵ پرسین | | |
| ڕشتن | خوێن ڕشتن<br>ئارەق ڕشتن<br>ڕەنگ ڕشتن | | |
| پەرستن | خوا پەرستن<br>ئاگر پەرستن | | |
| کردن | یاری کردن<br>قسەکردن<br>شەڕکردن | بۆیەکردن<br>جوان کردن<br>تووڕەکردن | دەست پانکردنەوە<br>چاو سوورکردنەوە |

٢ - تێنەپەڕەکان : لەناو کۆمەڵەی کردارە تێنەپەڕە بنجییەکاندا، ئەمانەیان کرداری لێکدراو بەرهەم دەهێنن :

| تێنەپەڕی بنجی | لێکدراوی بکەری | لێکدراوی پریدیکاتی | لێکدراوی بکەری و پریدیکاتی |
|---|---|---|---|
| بوون | ئاگر تێبەربوون | ئازاد بوون<br>تووڕەبوون<br>بەچاوەوە بوون<br>بە ئاواتەوە بوون<br>ئاڵۆزبوون<br>ئیکمال بوون | هەناسە سواربوون<br>ڕوو ڕەش بوون<br>چاو سووربوون |
| کەوتن | پەککەوتن | پێشکەوتن<br>سەرکەوتن<br>دەست کەوتن<br>دوور کەوتنەوە<br>لەبەرچاوکەوتن<br>فریاکەوتن<br>دواکەوتن | چاوپێکەوت<br>خەو لێکەوتن |
| چوون | ڕۆح چوون<br>گیان دەرچوون<br>ئابڕوو چوون<br>ڕەنگ تێکچوون | لەدەست چوون<br>لەکیس چوون<br>لەبیرچوون<br>لەناوچوون | دڵ لێچوون<br>سەر لێتێکچوون |
| هاتن | تا لێهاتن<br>ڕیشە دەرهاتن | تووش هاتن<br>بەگیرهاتن<br>کۆتایی هاتن<br>بەکارهاتن | دڵ تێکەڵ هاتن<br>دەم بەیەکدا هاتن |
| شکان | دڵشکان<br>ترس شکان<br>شەرم شکان<br>پشت شکان | | |
| گەیشتن | میوەگەیشتن | بە ئاوات گەیشتن | دەست پێگەیشتن |
| تکان | ئابروو تکان<br>حەیا تکان | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| زڕان | خەوزڕان<br>ناوزڕان | | |
| نیشتن | | | سام لێ نیشتن<br>ترس لێ نیشتن |

## ئەنجام

ئەنجامە گرنگەکانی توێژینەوەکە، لەم خاڵانەدا خراونەتە ڕوو :

١ - کردار بنجی بێت، یان دروستەیەکی لێکدراو دابڕێژێت، هەمان تایبەتمەندی هەیە، لەڕووی ژمارەی ئەو ئارگومێنتە دەرەکی و ناوەکییانەی ، بەخۆیەوە بەندیان دەکات، واتە پرۆسەی لێکدان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر تایبەتمەندییە زگماکییەکان نابێت .

٢ - دوو جۆر کرداری لێکدراوی تێپەڕ و تێنەپەڕ دیاریدەکرێت، پەیوەست بە ئارگومێنت بوون، یان نەبوونی کەرتەکانی یەکەمیانەوە، ئەوانیش بریتین لە :

أ – تێپەڕی بەرکاری: کەرتەکانی یەکەمیان بوون بە ئارگومێنت داواکراوی ناوەکیی بەشە کردارییەکان .

ب – تێپەڕی کرداربەندی: کەرتەکانی یەکەمیان نەبوون بە ئارگومێنت داواکراوی ناوەکیی بەشە کردارییەکان .

پ – تێنەپەڕی بکەری : کەرتەکانی یەکەمیان ئارگومێنت داواکراوی دەرەکیی بەشە کردارییەکانن .

ت – تێنەپەڕی کرداربەندی : کەرتەکانی یەکەمیان نەبوون بە ئارگومێنت داواکراوی دەرەکیی بەشە کردارییەکان .

٣ - کرداره لێکدراوە تێنەپەڕە بکەرییەکان کردارێکی سفر هێزین، چونکە لە دروستەی ڕستەدا پێویستییان بە هیچ فرێزێك نییە، واتە کەرتەکانی کردارە لێکدراوەکە بە تەنیا دەتوانن بیر بگەیەنن .

٤ - ئەو کەرەستانەی کەرتەکانی یەکەمی کرداره لێکدراوەکان پێکدەهێنن، هەندێکیان ڕۆنانێکی ناوەکیی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، چونکە لە دروستەی ڕستەدا لە شێوەی فرێزێکی ناویدا دەردەکەون، هەندێکی تریشیان بە هەمان فۆرمی فەرهەنگییانەوە لە ڕستەدا دەردەکەون .

## سەرچاوەکان


**به زمانی كوردی :**

١ - ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٨) ، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی دکتۆر ، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی .

٢ - ئەحمەد حەسەن فتح الله ( ١٩٩٠)، بکەروەك بەشێکی سەرەکیی ڕستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر .

٣ - دلێر صادق کانەبی( ٢٠١٥)، تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر .

٤ - دیار عەلی کەمال کەریم (٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی – ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر ، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر .

٥ - ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ( ٢٠٠٨ ) ، ڕستە و پاش ڕستە ، چاپی یەکەم ، هەولێر.

٦ - ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ( ٢٠١٠ )، ڕێزمانی بەندێتی و هەندێك لایەنی ڕستەی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر.

٧ - محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە لە کرمانجیی خواروودا، نامەی ماستەر ، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی .

٨ - محمد معروف فتاح (١٩٨٩)، کارپۆلێن کردن بەپێی ڕۆنان، ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ١٢١ .

٩ - محەمەد مەحوی (٢٠٠٩)، مۆدێل و مۆداێلەکانی ڕێزمان، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی .

١٠ - مستەفا محەمەد کەریم (٢٠٠١)، ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر .

١١ - کوردۆییێف ( ١٩٨٤) ، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، و: د. کوردستان موکریانی، مطبعە الآدیب البغدادیە ، بەغداد.

١٢ - یوسف شریف سعید ( ١٩٩٨) ، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر .

**به زمانی عەرەبی:**

١ - الدکتور رمزي منیر بعلبکي(١٩٩٠)، معجم المصطلحات اللغویة، بیروت، دار العلم للملایین .

٢ - محمد علي الخولي (١٩٨٢)، معجم علم اللغه النظري، انکلیزي – عربي، مكتبه لبنان، بیروت .

**به زمانی ئینگلیزی :**

1-Bussamnn , H.(1996), Rutledge Dictionary of language and linguistics . Translated and edited by Gregory Truth and Kerstin kazzazi . Rutledge .

2-Bobalijik , Jonathan D. (2002), Auspicious Compounds. McGill University.

3-Crystal, David , (1992), An Encyclopedic Dictionary of Linguistics and Languages , black well , Oxford.

4-Crystal, David, (2003), A dictionary of linguistics and phonetics, 5th edition , Black well : Oxford .

5-Haspelmath, M & Muller , - Brady , T. ( 2001) , valence Change in Baoji , G. Lehmann , C. f Mugdan ,J. (EDS) .Morphology . An International Handbook on Inflection and word -Formation . Volume 2. Walter de Gruyter.
6-Lyons, John (1977) , Semantics , vol. 2 , Cambridge university press.
7-Plag, Ingo. (2002) , word – Formation In English . Cambridge university press.
8-Radford , A. ,( 1997) , An Introduction to English Sentence structure. Cambridge university press.
9-Trask ,R.L. ( 1993) , A Dictionary of Grammatical Terms imn Linguistics . Rutledge.
10- Trask ,R.L.(1999),Key Concepts In Language and Linguistics. Rutledge.
11-Van Valin , Robert D. (2004) , An introduction to syntax, Cambridge university press .

به زمانی فارسی :

١ - امید طبیب زاده ( ١٣٨٤- ٢٠٠٦)، بندهای پیرو دو نوع بند متممی در زبان فارسی، مجموعه و مقالات نخستین همایش انجمن زبانشناسی ایران، ٢٣ و ٢٣ سفند ١٣٨٢ ، به کوشش دکتر مصطفی عاصی، تهران، انجمن زبانشناسی ایران .

٢ - امید طبیب زاده (١٣٩١- ٢٠١٢)، دستور زبان فارسی بر اساس نظریه‌و گروه‌های خودگردان در دستور وا بستگی ، تهران ، نشر مرکز .

٣ - دکتر ابراهیم چنگی (١٣٨٢- ٢٠٠٣)، فرهنگ دائره المعارفی زبان و زبانها، تهران، بهنام .

٤ - دکتر ابراهیم چنگی (١٣٨٤- ٢٠٠٥)، فرهنگ توصیفی اموزش زبان و زبانشناسی کاربردی، تهران، راهنما .

٥ - لعبا کبیری ( ١٣٨٥- ٢٠٠٥) فرهنگ ظرفیت افعال فارسی – بر اساس دستور وابستگی، رساله کارشناسی ارشد، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه بو علی سینا .

ملخص البحث

هذا البحث بعنوان ( العلاقة النحوية بين مقاطع الفعل المركب )، محاوله لتحليل بناء الأفعال المركبة و تصنيفها حسب قواعد اللغة التبعية. ان الأفعال المركبه عموما، موضوع متداخل سينتاكسى، انها متكونه من عدة مجاميع، التى لها خصائصها الخاصه بها و مختلفة عن مجموعة أخرى. لذا فإن البحث في هذا المجال، يملأ مجالا واسعا في سينتاكس اللغة الكوردية و في نفس الوقت هو الوصول الى مجموعه قوانين سينتاكسيه مختصة بالأفعال المركبة .

**Abstact**:

This research is entitled (Syntax relationship between compound verb syllables), an attempt to analyze the structure of compound verbs and classify them according to dependent language rules. Compound verbs, in general, are a syntaxes subject, because they are composed of several groups, which have their own characteristics and are different from another group. Therefore, the research in this field , fills a wide field in the syntax of the Kurdish language and at the same time is to reach a set of syntax laws specialized in compound verbs.